Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)

TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.29.SpA.2

# ڕەهەندە گوزارشتگەرابیەکانی هونەری پەیکەرتاشیی هەڵکۆڵراویی کۆن لە کوردستاندا

OPEN ACCESS

*Corresponding author
Hawkar Shukur Mahmood
hawkarrskin@gmail.com

**هاوکار شکر محمود /** بەشی شێوەکاری، کۆلێژی هونەرە جوانەکان، زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر،هەرێمی کوردستان ،عێراق

**ئاراس اسماعیل خضر /** بەشی شوێنەوار، کۆلێژی ئاداب ، زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر، هەرێمی کوردستان ،عێراق

RECEIVED :14 /07/2024
ACCEPTED :06/11/ 2024
PUBLISHED :15/06/ 2025

**وشە سەرەکییەکان:**
ڕەهەند،
گوزارشت،
هونەر،
پەیکەرتاشی

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (ڕەهەندە گوزارشتگەراییەکانی هونەری پەیکەرتاشیی هەڵکۆڵراویی کۆن لە کوردستاندا) بریتییە لەتوێژینەوەیەکی هونەری و ئیستاتیکی دەربارەی دەرخستنی دەربڕینخوازی و گوزارشتی هونەریی پەیکەرتاشیی کۆن لە کوردستاندا. توێژینەوەکە بوار گەلێکی تایبەتی تەرخان کردووە بۆ باسکردن و ڕۆڵ و گرنگی هونەری پەیکەرتاشینی سەر بەرد لە قەدپاڵی چیاکان لە خاکی کوردستاندا. ئەم کردارە بە ڕێگەی لێگرتن و لێکردنەوەی پارچە بەردی بچووک و مامناوەند لەسەر ڕووی شاخەکان ئەنجام دراوە، بە مەبەستی بونیاتنانی پەیکەر، کە هەڵگری شوناس و گوزارشت و ئاماژە و شێوەیەکی دیاری کراوە. بەگشتی لە قۆناغەکانی شارستانییەتی میزۆپۆتامیادا، پاشماوەی شوێنەواری و هونەری پەیکەری داتاشراوی بەردین لە قەدپاڵی چیاکاندا بە میرات بۆ خاکی کوردستانی کۆن و دەوربەری ماوەتەوە .

توێژینەوەکە لە پوختە و چوار بەش پێکهاتووە، تیایدا ئاماژە بە کێشە و گرنگی و ئامانج و سنوور و ماوەی توێژینەوە و پێناسەی زاراوەکان کراوە. لەگەڵ ئەنجام و دەرئەنجام و پێشنیاز خراونەتە ڕوو، کە توێژەر لەمیانەی پۆلێنکردن و شیکردنەوەی نموونەکان توانیویەتی گوزارشتکاری لە هونەری پەیکەرتاشیی کۆن لە کوردستاندا بخاتە ڕوو.

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## ١- چوارچێوەی گشتی توێژینەوە:

### ١-١ پێشەکی:

هونەری پەیکەرتاشی وەک کۆنترین و سەرەتاترین ئامرازی مرۆڤ بۆ گوزارشت و دەربڕین لەپاڵ نیگارکێشاندا، تەنانەت پێش لەدایکبوونی نووسین، لەلایەن مرۆڤەوە لە چاخی بەردینی کۆن بەکارهاتووە. دەربڕین و گوزارشتکردن لەدۆخی دەروونی و کاریگەرییە هزرییەکانی مرۆڤی سەرەتایی لەڕێگەی هێما و ئاماژەی هونەرییەوە لەناو کەڤاڵە داتاشراوەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە. بۆیە ئێستاش مرۆڤ لەڕێگەی هەستەکانییەوە لەگەڵ گەشەسەندن و پێشکەوتنی مرۆڤایەتی لەگشت ڕوویەکەوە، هونەری پەیکەرتاشی بەزیندوویی ماوەتەوە. (فیشەر) نووسەر و ڕەخنەگری نەمسایی دەڵێت: دەکرێت بڵێین تەمەنی هونەر لەگەڵ تەمەنی مرۆڤدایە، بۆیە هونەری پەیکەرتاشی لەدوای گەشەسەندنی زانستی هونەری و شوێنەواری و تاقیگەیی پتر گرنگی بەخۆیەوە بینیووە، هەروەها ڕۆڵی ڕۆژهەڵاتناس و شوێنەوارناسەکان لە کوردستان بایەخ و گرنگی لە دۆزینەوە و ناساندنیدا مەزن بووە، بەتایبەتی لە دوو سەدەی ڕابردوو، لەنزیکەوە لێکۆڵینەوەی وردیان لەمەڕ پەیکەرە دۆزراوەکانی خاکی کوردستاندا کردووە. ئەگەرچی هەندێک جار بەهۆی نەزانین و ناڕۆشنبیری کەسانی سەربازی و سیاسی خوێندنەوەی هەڵە بۆ پەیکەرە هەڵکۆڵدراوەکانی خاکی کوردستان کراوە. یاخود بە ئەنقست ناو و ناونیشانی شوێنەوارە پەیکەرە هەڵکۆڵدراوەکان لە کوردستاندا شێوێندراون. ئەم دیاریدە پتر لەو پاشماوە شوێنەوارییانە ڕوویاندا، کە پێشتر بەناو و ناونیشانی گوند و شاخ و ناوچەکان ناسێنرابوون.

زیاتر لە ناوچە شاخاوی و قەدپاڵی چیا و ئەشکەوتەکاندا پەیکەرەکان داتاشرابوون و شوێنی بەرچاویان لە ناوچەکاندا داگیر کردبوو. تا ئەمڕۆ وەک سەروەتێکی نیشتیمانی بایەخداری کوردستان هەژمار دەکرێن. لەڕێگەی ئاماژە و گوزارشتی ناوەڕۆکی پەیکەرەکان و هەندێک جار بوونی نووسینی میخی لەسەر پەیکەر و دەوروبەری ناوچە شوێنەوارییەکان توانراوە ناسنامە و سەردەمی پەیکەرەکان و مێژووی دێرینی شارستانییەتیەکان لە کوردستان دیاری بکرێت.

**١-٢ پرسیاری کێشەی توێژینەوە:** ئەو پرسیارە گرنگەی کێشەی توێژینەوە دەخاتە ڕوو بریتییە لەوەی، ئایا سەرچاوەی گوزارشتکاری هونەریی پەیکەرتاشیی کۆن لە کوردستاندا چین؟.

### ١-٣ گرنگی توێژینەوە:

لەم خاڵانەی خوارەوەدا خۆی دەبینێتەوە:-

**١-** ئەم توێژینەوەیە بەشدار دەبێت لە تۆمارکردن و بەدیکۆمێنتکردنی گوزارشتکاری لە هونەری پەیکەرتاشی لەڕێگەی پۆلێنکردن و توێژینەوە و کنە و پشکنینی بەردەوام و ڕووپێوی زیاتر لە ناوچە شوێنەوارییەکانی خاکی کوردستان، بۆیە پێویستە لێکۆڵینەوە و گرنگیدان بەپاشخانی هونەری پەیکەرتاشی بەجێماو لە سنووری کوردستانی کۆندا ئەنجام بدرێت.

**٢-** ئەم توێژینەوەیە سوودی بۆ ناوەندە ئەکادیمی و گەشتوگوزاری و پەرتووکخانە کوردییەکان و ناوەندە فەرهەنگییەکانی کوردستان دەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگ و پێویستی خوێندنی هونەری پەیکەرتاشیی لە پەیمانگە و کۆلیژەکانی هەرێمی کوردستان، هەروەها پەیکەرە هەڵکۆڵراوەکان لە ناوچە شاخاوییەکانی کوردستان بەڵگەی باشن لەمەڕ جیاوازی شارستانییە کۆنەکان لە کوردستان.

### ١-٤ ئامانجی توێژینەوە:

ناساندنی ڕەهەندە گوزارشتگەرایییەکانی هونەری پەیکەرتاشیی کۆن لە کوردستاندا.

### ١-٥ میتۆدی توێژینەوە:

توێژەر بۆ شیکار و شرۆڤەکردنەوەی بەرهەمە پەیکەرتاشییەکان پشتی بە پێوەری ئاماژەکانی چوارچێوەی تیۆری بەستووە بە لەبەر چاوگرتنی میتۆدی وەسفی شیکاری.

### ١-٦ سنووری توێژینەوە:

سەبارەت بە سنووری بابەتی توێژینەوە بریتییە لە گوزارشتکاری و ئاماژەی هونەریی پەیکەرتاشی. هەرچی سنووری کاتییە، لە نێوان (نیوەی هەزارەی دووەم و هەزارەی یەکەمی پ. ز) دیاریکراوە، هەروەها سنووری شوێن بریتییە لە شارەکانی هەرێمی کوردستان (هەولێر، سلێمانی، دهۆک، هەڵەبجە).

**١-٧ پێناسەی زاراوەکان:**

پێناسەی زمانەوانی ڕەهەند: واتە مەودا، واتە جیاواز لە نزیکایەتی. بە بڕوای کۆنەکان کورتترین مەودای نێوان دوو شت بووە. پاشان ڕەهەندەکەیان کردە درێژکراوەیەکی خەیاڵی، کە بەسەر جەستەدا سەپێنرابوو، یان خۆی لە خۆیدا گونجاوە بۆ ئەوەی جەستە داگیری بکات (صليبا، ١٩٧٧، ص١٣٧).

پێناسەی زاراوەی ڕەهەند: زاراوەیەکە بۆ شرۆڤە و شیکردنەوە و ڕوونکردنەوە و لێکەوتەی بابەت، هەروەک دیاردەیەکی فرە بوار و ئاراستە و لایەن بەکاردێت. یاخود بە واتای ڕێگا و ڕاوبۆچوون دێت. زاراوەیەکی فەلسەفییە، کە بۆ زانین بەکاردێت، دوای ئەوەی هەستەکان بە داتاکانەوە چەسپاو و دروست دەبێت و پرسەکەش (ڕەهەندییە) ئەگەر کارپێکراو بێت بۆ ڕاستی لەسەر ئەزموونی واقیعی هەستپێکراو. ئەوا بەرانبەرەکەی پرسی (پێشوو) دەخاتە ڕوو، کە تەنها پشت بە شێوازی دامەزراندنەکەی دەبەستێت . لەڕووی زانستە سروشتییەکان ڕەهەند بریتییە لەو پەیوەندییەی کە بڕی پێ دیاری کراوە بە پەیوەندی بنەڕەتەوە، وەک درێژی و کات و بارستە (خياط، ١٠٠٠، ص٦٩)، هەروەها ئەو بڕە ڕاستە قینەیە، کە بە خۆی یان هی تر دیاری دەکات، شێوەی پێوانەکراو وەک هێڵ و ڕووکەش و قەبارە (صليبا، مصدر السابق، ص٢١٣).

پێناسەی جێ بە جێ کاری ڕەهەند: بریتییە لە تێگەیشتن لە بارەی بابەتێکەوە وەکو خۆی و هەر هەستێکی پەیوەندیدار بە بابەتەکانی لایەنی هونەری و مێژوویی و کۆمەڵایەتی و هتد..

پێناسەی زمانەوانی گوزارشت: لە فەرهەنگی (المورد) گوزارشت بە واتای شێوازی دەربڕین یا ئامرازە، یاخود دەربڕینە لە هەستەکان (المعلوف، ١٩٧٧، ص٣٣). لە ڕێگەی دیدگاوە دەستەواژەیەک دەری دەبڕێت، دەستەواژەیەک لێک دەداتەوە و لە کۆتاییدا دەرئەنجامەکەی بەرەو چی دەبات (المنظور، ٢٠٠٠، ص١٣).

پێناسەی زاراوەی گوزارشت: ئەو دەربڕین و ئاخاوتنەیە بۆ گەیاندنی بیر و ڕاوبۆچوونەکانی لە ڕێگەی زمان و نووسین ئەنجام دەدرێت، هەروەها دەربڕین لەبارەی شتێکەوە بە وشە یاخود وێنە و نموونەیەکی بەرجەستەی وەک پەیکەر، کە لە ڕێگەی ئاماژە گوزارشت لە واتا دەکات. لەگەڵ ئەوەش گوزارشت دەربڕینێکی دەروونییە لە ڕێگەی هەندێک جووڵەی جەستەوە دێتەکایەوە. (صليبا، ٢٠٠٦، ص٣٠١).

پێناسەی جێ بەجێ کاری گوزارشت: واتا دەربڕینی بیرۆکەیەک بە مەبەستی ئامانجێکی دیاریکراو، بۆ نموونە دەربڕین و گوزارشتکردن لە ناوەڕۆکی کارێکی هونەری پەیکەرتاشی و دەرخستنی پەیامێک لە ڕێگەی کارە هونەرییەکەوە بەبینەر بگات. دەرکەوتنی ماناکانی ویژدانی خودی، لەوانەش پاڵنەر و هەست یان هەست و بیرۆکە، لە ڕێگەی ئامرازی هونەری و ئامرازی ماددی داهێنەرەوە. ئەو کردارەیە کە ڕۆشنایی دەخاتە سەر نهێنی و پێکهاتەکانی بابەتێک، کە لە مێشکی مرۆڤدایە. ئەم ڕوونکردنەوە ڕەنگە مەبەست لێی کاریگەر بێت و لە شێوەی شیعر، بەرهەمێکی پەیکەرسازی، تابلۆیەک، یان بەرهەمێکی شانۆیی پێشکەش بکرێت.

پێناسەی زمانەوانی هونەر: پێناسەی زمانەوانی هونەر لە فەرهەنگدا بە واتای "بەهرە، کارامەیی، دانایی دێت" (قەرەداغی، ٢٠٠٦،ل٤٠). هونەر کارێکی داهێنانە لەبواری وێنەکێشان، پەیکەرسازی، موزیک و هەموو بوارەکانی هونەرجوانەکان لەرووی فەلسەفیەوە هونەر "ئاماژە دەکات بە دروستکراوێک بەرانبەر زانست مەبەستی لایەنی تیۆری دەگرێتەوە" (مدكور، ١٩٨٣ ، ص١٤٠).

پێناسەی زاراوەی هونەر: هونەر دەرئەنجامێکی داهێنانی مرۆڤە، لەڕێگەی دەرخستن و دەربڕینی گوزارشتە کەسییەکان، کە لە هزر و خەیاڵیدا گەڵاڵە بوون، دواتر بیرۆکە و هەوێنی کارە هونەرییەکان بەرجەستە دەبن و لەکۆتایدا بەرهەمێکی هونەری لەدایکدەبێت. هەروەک (سوقرات) دەڵێت: هونەری ڕاستەقینە جگە لە بیرمەند بە کەس بەرهەم ناهێنرێت، چونکە هونەر ئەگەر ڕاستی لەخۆنەگرێت بە هیچ شێوەیەک هونەر نییە. گریکەکان لە هونەردا

دنیایەکی خەیاڵی بە لاسـاییکردنەوەی دنیای ڕاسـتەقینە بەدی دێت. هەرچەندە هاوڕایی لەنێوان هەردوو فەیلاسـوفی مەزنی گریک، ئەفلاتون و ئەرسـتۆ لەمەڕ ئەوەی هونەر لاسـاییکردنەوەی ڕاسـتییەکانە، کەچی تێگەیشـتنیان بۆ لاسـاییکردنەوە جیاوازە. بەڕای ئەفلاتون لاسـاییکردنەوە بەشـێکی پووچە، لەبەرانبەریشـدا ئەرسـتۆ لاسـاییکردنەوە بەکاری داهێنان ناوزەندی دەکات. (صالح، ٢٠١٣،ص ١٣).

پێناسـەی جێبەجێکاری هونـەر: وەک چالاکی لە ڕوانگەی مێژووییەوە، پێش چالاکی بیرکردنەوەی فەلسـەفیانە هاتۆتەکایەوە. هەروەک پاشـماوەی شـارسـتانییەتەکان لە ڕێگەی نیگاری سـەر دیواری ئەشـکەوتەکان و پەیکەری داتاشـراوی قەدپاڵی چیاکان پێمان دەڵێن، تەنها گوزارشـت و دەربڕینی سـەرەتایی بوون، بەڵام دوای بیرکردنەوەی فەلسـەفیانە لەمەڕ کاری هونەری و بەتایبەتی لە سـەردەمی (ئەفلاتون) بوونەتە هونەر و بابەتی توێژینەوە (کەمال، ٢٠١٧، ل٩)، وەک هونەری پەیکەرتاشی، نیگارکێشی، مۆسیقا، شانۆ، سەما... هتد.

پێناسەی زمانەوانی پەیکەر: لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە و دەفەرموویێت: چیایەکان هەڵدەکۆڵی و دەیانکردەماڵێک تێیدا پارێزراو بوون. (وكانوا ينحتون من الجبل بيوتا أمين) (القرآن الكريم – تفسير الكبرى – تفسير سورة الحجر – الآيه ٨٢)، هەروەها لە فەرهەنگدا بە واتای "پەیکەرتاشین، پەیکەر درووستکردن دێت". (قەرەداغی، ٢٠٠٦، ل٨٧٦). "بڵاوکردنەوە و هەڵکۆڵین، هەڵکەندنی چیاکان، پارچە پارچەکردنیان". (ابن منظور، ١٩٥٦، ل٩٧). "هەڵکۆڵینی چیا، هەڵکۆڵینی پارچەیەک، هەڵکۆلینی نەخشکردن، کە واتای هەڵکۆڵینی لەسەر دەکات، هەڵی دەکۆڵێت دەبەخشێت". (خیاط،١٩٧٤، ل٦٦٠). هەرچی لە ڕووی فەلسەفیەوە (فرید ریک) بەم شێوەیە پێناسەی کردووە: پەیکەرسازی جیاوازی دەکات لە نێوان وێنە و هزر تا سنوورێک، لەم روانگەیەوە لێدوانێکە لە گوزارشت کردن، کە ڕوونکردنەوەی نوێنەرایەتی گیان و روحە، کە لەگەڵ کەرەستە تێکەڵ دەبێت، وەک بەرد و روخام و قور (ریک، ١٩٩٣، ص١٢٩). لە فەرهەنگی (المعانی العربی) وا پێناسە کراوە: پەیکەر هونەرێکە لە هونەرە جوانەکانی بەشی شێوەکاری و بەرجەستەکردنی شێوەیەکی دیاری کراوە لە ڕێگەی پشبەستن بە هەست، بەهۆی جۆری کەرەستەکانەوە بەمەبەستی پەیکەری کەسێک یا شێوەیەک لە بەرد، قوڕ، کانزا، تەختە... هتد.

پێناسەی زاراوەی پەیکەر: لقێکی هونەری بینراوە و هاوکات جۆرە هونەرێکە لەسەر بنەمای دروستکردنی پەیکەری سێ ڕەهەندی لە بنەڕەتدا بنیات نراوە. ئەم هونەرە لەسەر دار و بەرد و کانزا و ماددەکانی تر ئەنجام دراوە، پەیکەرتاشی لە شارستانیەتە کۆنەکانەوە ناسراوە و کاری پێ کراوە. هەروەک (ناتان نۆبلەر) پەیکەرتاشی ڕیلیف بەم شێوەیە پێناسە دەکات: دروستکردنی شێوەیەکی سێ ڕەهەندی بە شێوەیەکی دوو ڕەهەندی لەسەر ڕوویەکی تەختدا، بەجۆرێک کە پێکهاتە هونەرییەکەی لە ڕێگەی دەرکەوتەی سێبەرەکانەوە سەر هەڵدەدەن، کە تاڕادەیەک لایەنە بەرزەکانی سەر ڕووی پەیکەرەکەوە دروست بوونە. مێژوونووس و ڕەخنەگری هونەری ئینگلیزی (هێربیرت ڕید)، پەیکەرتاشی وا پێناسە دەکات: ئێمە پێشتر هەرکارێکی سێ ڕەهەندی لە هونەری شێوەکاری بەپەیکەر ناودەهێنا، بەڵام سەردەمی مۆدێرنی دروستکردنی کاری سێ ڕەهەندی لە هونەردا. ناتوانین بڵێین کە پەیکەرە. هەر بەرهەمێک کە تایبەتمەندی سێ ڕەهەندی هەبێت، لە هونەری شێوەکاری پێی دەگوترێت پەیکەر. هونەری پەیکەرسازی لقێکە لە هونەری بینراو، کار لەسەر بەرجەستەکردنی بیرۆکەکان دەکات، بە پەیڕەوکردنی شێوەی سێ ڕەهەندیی لە ڕێگەی بەکارهێنانی چەندین جۆری کەرەستەی جیاواز وەک: بەرد، کانزا، دار، کەرەستەی تری جۆراوجۆر. چێژوەرگرتن لەم هونەرە لەڕێگای بینین و دەستلێدان وهەستکردن بە هاوسەنگی و جوڵەی پەیکەرەوە دەبێت. ئەم هونەرە سێ جۆرە (پەیکەری بازنەیی، بەرجەستە و قوول، بۆیە (رید) دەڵێت: هەر کارێک کە خەسڵەتی سێ ڕەهەندی هەبێت لە هونەری شێوەکاری پێی دەوترێت پەیکەر، (رید،١٩٩٤، ل١٢).

پێناسەی جێبەجێکاری پەیکەر: بریتییە لەشێوە و فۆڕمێکی هونەریی بازنەیی یاخود بەرجەستە، بەهۆی کەرەستەکانی بەرد، قوڕ، کانزا، دار، هتد... بەرجەسـتـە دەکرێت. لەپشـتی هەر پەیکەرێک بیرۆکەیەکی هونەری و هزری خۆی حەشـارداوە و لە ڕێگەی شـێوە سـێ ڕەهەندییەکەی چێژێکی پتری لە هونەرە دوو ڕەهەندییەکان بۆ بینەر خوڵقاندووە.

لەرێگەی دەســت لێدان و هەســتکردن بە بەرزی و نزمی و قوڵاییەکانی بەرهەمی هونەریی پەیکەر، هەروەها پەیکەر لە بناغەیەکی شێوە رێکخراو لەسەر پێکهاتەی پەیوەندیدارە بۆشاییەکانی ناوەوە و دەرەوەی فۆرم یا ڕووبەری ناسراو و نەناسراوی هزری و بابەتی پێکهاتووە.

کەواتە پەیکەر بریتییە لە پرۆســـەی گونجاندنی مادەی قوڕ، گەچ، بەرد، دار، ئاســـن... هتد بۆ شـــێوە هونەرییەکان، کە خزمەت بە ئامانجێک دەکەن. یەکێکە لە لقە شـــێوە هونەرییەکانی ناســـراو بە هونەرەجوانەکان، بەهۆی ماتریال و هەبوونی بیرۆکە بەرجەســتە دەبێت، هەروەها پەیکەر بەهۆی بوونی ســێ دووری لە هونەرەکانی تر جیا دەکرێتەوە و چێژی بینینی زیاتر بە بینەر دەبەخشـــێت. جۆرەکانی پەیکەر بریتین لە پەیکەری بازنەیی، پەیکەری بەرجەســـتە کە شێوەکەی بارزە لە درێژی و پانی و دووری و پەیکەری ریلیف و قوڵ (غائر)، کە شێوەکەی وەکو ڕووپێوێکی وێنەیی وایە و تەنها دووری درێژی و پانی هەیە.

## ٢-چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە:

### ٢-١ چەمکی گوزارشت:


هەر لەسەرەتاوە مرۆڤ بەردەوام هەوڵی داوە گوزارشت لە ناخ و بیر و هەستی خۆی بکات، ئەم هەست و ویستەش بە کرداری جۆراوجۆر بە بەرانبەری گەیاندووە. لە ڕێگەی دەربڕینی نووسین و نیگار و شێوەسازی. کە بریتین لە پێویستییەکانی ژیانی ڕۆژانە و گێڕانەوەی نەهامەتی نێو کۆمەڵگە. گوزارشتکردن لە ئەنجامی هەستی ناوەوەی مرۆڤ کە لە دووتوێی کارێکی هونەریدا بەرجەستەی دەکات، یان هەرکردارێک کە مرۆڤ پێی هەڵبستێت بە پاڵپشتی هێزی گوزارشت، ئەمەش بەو واتایە دێت، کە گوزارشت لە دووتوێی کرداری مرۆڤ دەردەکەوێت بەتایبەتی بەرهەمی هونەری (مانی، ٢٠٠٧، ل٢٨). دەسپێکی گوزارشتکردن لە هونەری پەیکەرتاشی کۆن لە کوردستاندا بۆ (٩٠٠٠پ.ز.) دەگەڕێتەوە. کە مرۆڤ یەکەم جار لە کوردستاندا هەڵگیرساونەتەوە و دوای گوزەراندنی ژیان لە (ئەشکەوتەکانی شانەدەر و هەزارمێرد و گوندی چەرموو). مرۆڤ دەستی بۆ نیگارکێشان و گلجۆشی و پەیکەرتاشی دەبات، هەروەک لە پاشماوەکانی گوندی (گندووک) ی نزیک ئاکرێ، چەندان پەیکەر و شێوەی هەڵکۆڵدراوی سەر بەرد لەناو ئەشکەوتەکە دۆزراونەتەوە و مێژوویان بۆ (٣٠٠٠ پ.ز.) دەگەڕێتەوە، بڕوانە شێوەی ژمارە (١). کە شێوەی پەیکەری هەڵکۆڵراویی بازنەیی سەری باڵندەیە، لە کەرەستەی بەرد، کە بۆ سەردەمی بەردینی نوێ لە سنووری گوندی نمریکی پارێزگەی دهۆک لەباشووری کوردستان دەگەڕێتەوە. لە کتێبی نەینەوا و بابل لەلایەن (سێر ئەی، ئێچ لایارد) لە (١٨٥٠) چاپکراوە (پیربال، ٢٠٠٦، ل٨). سەردەمی ئەشکەوت و بیرۆکەی کارە دەستییەکان و هەڵکۆڵینی سەر تاق و دیوارەکانی ناو ئەشکەوتەکان، لە ڕێگەی بەکارهێنانی کەرەستەکانی وەک بەردی تیژ و ئێسقانی ئاژەڵ و پارچە دار توانراوە شێوە و فۆرمی هەڵکۆڵدراو داتاشن. بۆیە بەرهەمی هونەری کارە دەستییەکان لە سەرەتای دروستبوونی مرۆڤایەتییەوە سەری هەڵداوە و لەژیانی ڕۆژانەدا بەکاربراوە و لە دێرزەمانەوە کارایی هونەری دروست کردووە، کە هەڵگری کۆمەڵێک ئایدیا و هزری مرۆڤانە و سەرکەوتنێکی مەزن و جوانی ئەو کاتە بووە (باقر، ١٩٦٦،ص٥٣).

مرۆڤ سەرەتا لەناو ئەشکەوتەکاندا ژیاوە، دواتر بۆ دەربڕینی هەست و گوزارشتکردن لە ناخی خۆیدا، هەوڵی داوە لە ڕێگەی هونەری دەستڕەنگینی و پەیکەر و نیگاردا دەری بخات و ببێتە شوێنگرەوەی نووسین و گفتوگۆی نێوانیان، کە هێشتا نەهاتوونەتە کایەوە. ئەم کردار و دەست ڕەنگینیانە ئێستا وەک سەروەتێکی هونەری مەزن بۆ مرۆڤایەتی ماونەتەوە، کە بریتیین بەرهەمی هونەری وەک شێوازی ژیان و مامەڵە و گفتوگۆی نێوان مرۆڤەکان تۆمار کراون.



شێوەی ژمارە (١)

گوزارشت لە هونەری پەیکەرتاشی بریتییە لەو هەست و دەربڕینەی، کە پەیکەرتاش لە ڕێگەی کارێکی هونەری هەڵکۆڵراو دەیخاتە ڕوو. بەگشتی مرۆڤ هەوڵی داوە لە ڕێگەی ئەو هونەرەی هەیەتی سەرنجی خەڵکانی دەوروبەری خۆی ڕابکێشێت. کە زادەی ناخی خۆیی و گوزارشتکردنی لە بابەتێک یاخود ڕووداوێک بووە، بۆیە گوزارشتکردن لە ئەنجامدا بریتییە لە هەستی ناوەوە، کە لە ڕێگەی بەرهەمێکی هونەریدا بەرجەستە دەبێت. بە گشتی پەیکەرتاشانی میزۆپۆتامیا هەست و دەربڕینەکانیان لە ڕێگەی داتاشراوەکانیان، کە هەڵگری ئاماژە و گوزارشتی سەردەمەکە بوون و بەرجەستەیان کردوون. هەروەک پەیکەری (ڕیلیفی باتاس) (Batas relief –The rock relief of Harir)، کە بە پەیکەری داتاشراوی چیای هەریر ناسراوە و بۆ سەردەمی فرسییەکان (الفرثية) دەگەڕێتەوە. کەوتۆتە (٥٠) م لە بەرزایی چیا گەورەکەی شارۆچکەی هەریر لە سنووری پارێزگای هەولێر. بڕوانە شێوەی ژمارە (٢). ئەم هەڵکۆڵراوە کە بریتییە لە شێوە ناسنامەی پیاوێکی لەسەر لا وەستاو و کڵاو و فەروەیەک لەسەر شانەکانی هاتۆتە خوارەوە تا سەر دەستی ڕاستی. هەرچی دەستی چەپییەتی ڕمێکی درێژی هەڵگرتووە. شێوە و ئادگاری پاڵەوانی پەیکەرە داتاشراوەکە گوزارشت لە کەسایەتییەکی کاریزمایی و ناوداری سەردەمی میدییەکان دەکات، دەشێت دوا بە دوای داستانێک یاخوود سەرکەوتنێکی مەزنی جەنگیی و یەکلاکەرەوەی دەڤەرەکە، ئەم پەیکەرەی لەلایەن گەورە پەیکەرتاشانی سەردەمی خۆی بۆ هەڵکۆڵرابێت. هەروەها ئاماژە هونەرییەکانی پەیکەرەکە و ئامانج لە بەرزی شوێنی داتاشراوەکە لە قەدپاڵی چیای هەریر بۆ مانەوە و دەرکەوتن و پیرۆز ڕاگرتنییەتی، وەک کەڤاڵێکی نەمری پەیکەرتاشی لە ناوچەکەدا کە بۆ هەزارەی یەکەمی پ. ز. دەگەڕێتەوە.



شێوەی ژمارە (٢)

کرداری گوزارشتکردن لە ڕێگەی یەک یاخود کۆمەڵێک هێما و ئاماژەی لەسەر بەرهەمی هونەری هەڵکۆڵراو دەناسرێتەوە. خاکی کوردستانیش سەروەتێکی دەوڵەمەندی شارستانییەتییەکانی لە هونەر و شوێنەوار بۆ ماوەتەوە.


لەو ڕوانگەوە کورد هەر لە سەرەتاوە خاوەن شوناس و خاکی خۆی بووە. (ڕەشید، ٢٠١٤، ١٩). خاکی کوردستان و سنوورەکەی لە سەردەمی (٩٧٧پ.ز. -١٩٦٤ز) چەندان نەخشەی لەناو بەڵگەنامەی گرنگ و بەرکارەکانی سەردەمی شارستانییەتە جیاجیاکانی پادشا و ئیمپراتۆریەت و وولاتانی جیهان ئەرشیف کراون. (باجگر، ٢٠٢٣، ٤-١١٠)، بۆیە دەبینین زۆر لە نەخشەساز و نیگارسازانی ڕۆژهەڵاتناس بە هۆکاری جیاواز هاتوونەتە خاکی (کوردستان) و ئاشنا بوون بە فەرهەنگ و جوگرافیای ئەم سنوورە. ئەوا لە نەخشەی جوگرافیای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و شوێن و نیشتەجێ بوونی کوردەکان و سنووری جوگرافی (کوردستان) یان دیاری کردووە، لە پاڵ جوگرافیای نەتەوەکانی تر. هەر وەک ئەندازیار(ئالان مانێسۆن مالێت-Alain Manesson Mallet) نەخشەی(کوردستان-Cvrdistan)ی لە ساڵی ١٦٨٤ وێنەی کێشاوە و سنوورەکەی بەڕوونی دیاری کردووە. بڕوانە وێنەی ژمارە (٣).




وێنەی ژمارە (٣)

**٢-٢ گوزارشت و ئاماژە لە هونەری پەیکەرتاشی کوردستاندا:**


گوزارشت و ئاماژە لە هونەری پەیکەرتاشی کوردستانی کۆندا، یەکێکە لە ئامرازە گرنگەکانی پەیکەرتاشانی میزۆپۆتامیا و بەرهەمی شارستانییەتە یەک لەدوا یەکەکانی سنووری کوردستانی کۆن. کە هەندێک لە پەیکەرتاشانی میزۆپۆتامیا وابەستە بوونیان لەسەر بەکارهێنانی ئاماژەی نائاگایی لەناو پەیکەرە داتاشراوەکانیان بەرجەستە کردووە. گوزارشت و دەربڕین لە پەیکەرتاشی کوردستانی کۆندا بەڕوونی بەدی دەکرێت. تەنانەت گوزارشت و ئاماژەی هونەری و دەربڕین لەبەرهەمە پەیکەرتاشییەکانی هەرێمی کوردستان، بەگوێرەی سنوور و ناوچە و سەردەمێک بۆ سەردەمەکانی دوای خۆی جیاوازە. لە پەرتووکی (التربیة عن طریق الفن) باس لە گوزارشت و تەکنیک و کەرەستەی جۆراوجۆر بە مەبەست و ئاماژە و ئامرازی جیاواز بەکارهاتوون. (رید، ١٩٧٠، ل٤٥). دەربڕینخوازی و کەرەستە و شێوەی بەرجەستەی پرۆسەی هەستکردنی ڕاستەوخۆ توخمە فەرمییەکانن لە هەر کارێکی هونەریدا، کە نەک تەنیا میدیای دەرەکی یان پێکهاتە تەکنیکیە دیاریکراوەکان بەپێی یاسا و ڕێساکان، چونکە کۆمەڵێک نیشانە بەکاردەهێنێت بۆ گەیاندنی هەندێک واتا (زکریا، ١٩٩٩، ص٣٣٤). بەهەمان شێوەی دەربڕینخوازی ئایینی هەستی هێمن و ڕۆحییەکەی لەگەڵ ڕەنگی مەتریال و ڕۆحی هونەرمەندەکە دێتە دەرەوە. (گارا، ٢٠٠٥، ل١٠٨). هەر وەک لە پەیکەری هەڵکۆڵراوی (فایدە) کە بۆ سەردەمی پاشا سەنحاریب لە ساڵی (٧٠١) پ. ز دەگەڕێتەوە. کارەکەش کەوتۆتە سنووری پارێزگەی دهۆک و لە ساڵی (٢٠١٨) دۆزراوەتەوە. بڕوانە شێوەی ژمارە (٤).




شێوەی ژمارە (٤)

دانیشتوانی میزۆپۆتامیای کۆن یەکێک بوون لە یەکەمین ئەو مرۆڤانەی کە هەستان بە دروستکردنی پەیکەرتاشین بە مەبەستی گوزارشتکردن و دەربڕینی ژیانی ڕۆژانەیان، هەروەها مانەوەیان لە داهاتووی دوور. ئەم پەیکەرانە دروست دەکران بۆ ئەوەی هەتا هەتایە بمێننەوە. ئەم کارانە بە چەندین شێواز و کەرەستەی جیاواز دروست کرابوون، لەسەر پارچە بەردی داتاشراو وەک پەیکەری ڕیلیفی پاشا (ئیدین سین) بڕوانە شێوەی ژمارە (٥). کە بۆ هەزارەی دووەمی پ. ز. دەگەڕێتەوە. لە سنووری چیاکانی زاگرۆس دۆزراوەتەوە و ئێستا لە موزەی ئیسرائیل لە قودس پارێزراوە، یاخود گشت پەیکەرە داتاشراوەکانی سەر لێواری شاخەکان، کە هەڵگری ناوەڕۆکی ئایینی و دنیایی بوون، لە هەمان کاتدا پەیکەرتاشانی میزۆپۆتامیا زۆر گرنگیان بەپەیکەرەکان داوە و بە پیرۆزی پاراستوویانە. هاوکات ئەو هاڵکۆڵراوانە لە کەرەستەی بەردی ڕەسەنی ناوچەکە بە کارامەیی دروست کراون، بۆیە پاشماوەی ناو کارە هونەرییەکان بە زیندوویی لە ناوچەکەدا ماون، پیشاندەری دەوڵەمەندی مێژووی ناوچەکەن، هەروەها یەکێکی دیکە لەو هەڵکۆڵراوانە شوێنەواری میرقولییە، بڕوانە شێوەی ژمارە (٦). لە نزیک شارۆچکەی سورداش و خۆرئاوای گوندی زێوێ لەسەر یەکێک لە لوتکەکانی شاخی پیرەمەگرون نەخشەیەکی شوێنەواری هەیە بە ناوی میرقولی، کە مێژووی بۆ هەزارەی یەکەمی پ .ز. دەگەڕێتەوە و لە ساڵی (١٩٩٩) دۆزراوەتەوە.





شێوەی ژمارە (٦) شێوەی ژمارە (٥)

له دێرزەمانەوە هونەری پەیکەرتاشی ڕۆڵی گرنگ و پڕ بایەخی لە ژیانی مرۆڤایەتیدا بینیووە، بەدرێژایی مێژوو تا ئەمڕۆ لێکۆڵەر و شوێنەوارناسان بەدوای گوزارشتی شوناس و ناسنامەی پەیکەرەکانی سنووری کوردستانی کۆنن بۆ گەیشتن بە هێما و ئاماژە هونەرییەکانی سەر پەیکەرە داتاشراوەکان. لەو توێژینەوە بەردەوامانە بە هاوبەشی و هاوئاهەنگی پسپۆڕانی ناوخۆیی و دەرەکی، توانراوە کۆمەڵێک لێکۆڵینەوەی گرنگ و دانسقە لەمەڕ پەیکەرە داتاشراوەکان لە چوارچێوەی فۆڕمە جیاوازەکانی شوێنگە و ناوچە شوێنەوارییەکانی سنووری کوردستان ئاشکرا بکرێن. لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێک پەیکەری داتاشراو لە قەدپاڵی شاخ و چیاکانی کوردستان، بە هەڵە ناو و ناونیشانیان بەمەبەست و بێ مەبەست لەلایەن کەسانی ناشارەزا و خەڵکانی سنووری ناوچە شوێنەوارییەکان لەڕابردوودا بۆ دانرابوو. کە خوێندنەوەی گشتگیر و زانستی بۆ هێما و ئاماژە هونەرییەکانی سەر پەیکەرە داتاشراوەکان نەکراون، لە نموونەی پەیکەری میللی سەرکەوتن، بڕوانە شێوەی ژمارە (٧). لە سەرەتاکانی سەدەی ڕابردوو خوێندنەوە و ناساندنی هەڵەی بۆ کرابوو. ئەم پەیکەرە کەوتۆتە دەربەندی گاور نزیک قەرەداغ لە پارێزگەی سلێمانی لە باشووری کوردستان. گوزارشت لەشێوەی پیاوێکی جەنگاوەری ڕیش لاکێشەی لەسەر لا وەستاوە دەکات و کڵاوێکی لێوار پانی لە سەردایە و لە بەشی دواوەی پرچێکی زۆر و بەشی خوارەوەی گوێچکەیەکی دەبینرێت، سەری بەلای چەپدا و نیمچە خوارەوە دەڕوانێت. ئاماژەکانی دەم و چاوی جەنگاوەرەکە وەک تەواوی بەشە سەرەکییەکانی دەست، باز . ڕان و لاقەکانی پەیکەرە داتاشراوەکە گوزارشت لە هەنگاونان و سەرکەوتن بەسەرنەیاراندا خۆی دەبینێتەوە. هەروەک نموونەیەکی پەیکەری بەرجەستەی نایاب لە گشت ڕووەکانی دەربڕین و توێکاری و دابەشکردنی دارشتنەکە لە قەدپاڵی چیاکەدا.

پێکهاتەی دارشتنی ئەم پەیکەرە داتاشراوە لە چەند کەسایەتییەکی جیاواز لە پلە و پۆستدا جیاوازن، هەروەک لە ڕووی قەبارە و شوناس و ئاماژەی هونەریشدا جیاوازن. لەم بەرجەستە داتاشراوەدا کەسایەتی پاڵەوان و قارەمانێکی قەبارە مەزن و چەندین کەسایەتی بچووک و لاواز لەژێر پێکانی کەوتوون. ئاماژەی هونەری لە کەسایەتییەکی باڵادەست و فەرمانڕاوا و پاشا دەچێت، لە دۆخی مەیدانی جەنگدا بەسەر جەستەی دووژمنەکانی تێپەردەبێت، کە ئەمەش ئاماژەیە بە سەرکەوتنی جەنگێکی مەزن بەسەر هێزی نەیاردا و وەک لە شوێنەواری تەرم و لاشەی ژێر پێکاندا بەجێماوە، هەروەها داڕشتنی پەیکەرێکی بەرجەستە لەو بەرزییە و بەم هەموو وردەکاری و تەکنیک و گوزارشتە بۆتا نموونەیەکی بەرزی پەیکەرتاشیی کۆن لە کوردستاندا.



شێوەی ژمارە (٧)

پەیکەرە داتاشراوەکانی قەدپاڵی شاخەکانی کوردستان ئێستا بە بەشێکی گرنگ لە ناسنامە و شوناسی دانیشتووانی ڕەسەنی شارستانییەتییەکانی میزۆپۆتامیا هەژمار دەکرێن. پارێزگاری کردن و مانەوەی ئەم هونەرە زۆر گرنگە بۆ

جیاکردنەوەی فەرهەنگ و دابونەریتە جیاوازە کۆنەکانی شارستانییەتەکان لە کوردستاندا. هونەری پەیکەرتاشی زانیاری زۆر و گرنگی مرۆڤی سەردەمە کۆنەکانمان پێ دەناسێنێت. هەرچی زانیاری لە بارەی دابونەریتی مرۆڤ و ئەو سروشت و ژینگەی کە تێیدا ژیاون لەگەڵ گۆڕانکارییەکان و کاریگەرییەکانی ژینگە و سروشت بەسەر مرۆڤ و شوێنی ژیانی ڕوون کراوەتەوە. هەروەک کۆنترین پەیکەری داتاشراوی بازنەیی لە دۆڵی میزۆپۆتامیادا لە سەردەمی بەردینی نوێ، گوزارشتە لە سەری باڵندەیەکی بەردین، کە لە گوندی نمریک دۆزراوەتەوە. کە مێژووی بۆ شوێنەوارەکانی گوندی نمریک لە سنووری ئێستای پارێزگەی دهۆک لە باشووری کوردستان بۆ (٩٠٠٠) پ. ز. دەگەڕێتەوە. کۆمەڵێک پەیکەری سەری باڵندەی لە بەرد دروستکراوبوون.

کەواتە هونەری پەیکەرتاشی لە کوردستاندا، نوێنەرایەتی کۆنترین پەیکەری لە شارستانییەتی میزۆپۆتامیا کردووە. خاکی کوردستان بەهۆی بوونی سەرچاوەی زۆر و زەوەندی ناوچە شاخاوییەکان بەگشتی و چیاکانی زاگرۆس لە باکوور بەتایبەتی، بۆتە سروشتێکی خۆسەپێنەر بەسەر ناوچەکەدا. ( ابو دبسە، ٢٠١١، ٤٩). بەرد و قەدپاڵی شاخەکان سەروەتێکی مەزنی کەرەستەی پەیکەرتاشین بووە، هەروەها مێژووی دووررودرێژی ڕەنگدانەوەی گیانی ئایینی و ژیاری هونەری و کولتووری و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی کۆنی شارستانییەتییەکانی خاکی کوردستانمان پیشان دەدات. بۆیە ئاماژەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی سەر هونەری پەیکەرتاشی کۆن ڕێگەیەکە بۆ جیاکردنەوەی شوناس و ناسینەوەی شێوازی داب و نەریت و ڕەسەنایەتی شارستانیەتییەکان لەلایەک و پەیوەندی میللەتان بەو خاکەی لەسەری نیشتەجێ بوون لەلایەکی ترەوە.

پەیکەرتاشین لە خاکی کوردستان لە ڕووی ژینگەییەوە بارودۆخێکی گونجاوی هەبووە، لە بونیاتنان و بەردەوامی شارستانییەتی میزۆپۆتامیا و تەنانەت لە ڕووی هزری و تێگەیشتنیان بۆ بەرهەمە هونەرییەکان لە سەردەمە جیاجیاکانی میزۆپۆتامیا. هەر وەک لە بەرهەمە هونەری و شوێنەوارییەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە. (باقر، ٢٠٢٢، ٢٨). بەگشتی بابەتە هونەرییەکان ڕەنگدانەوەی فۆرمەکانی دەوروبەریان بووە. لەناو نەتەوە دێرینەکانی کوردستان هەروەک (لولوبیی، گۆتیی، خوریی، میتانیی، کاشیی، کاردۆخی و دەوڵەتی ئۆراتۆ) هەبووە، کۆمەڵگەلێک شوێنەوار و بەرهەمی پەیکەرتاشی سنووری کوردستاندا بە نەمری ماونەتەوە. هەروەک لەناو تۆمارە سۆمەرییەکاندا لولوبییەکان ناویان بە شێوەی لولوبی، لولومی و لوو هاتووە، زێدی ڕەسەنیان کەوتۆتە دەڤەری شارەزووری سنووری پارێزگەی سلێمانی لە باشووری کوردستان. پاشان بەرەو باشوور دەستیان بەفراوانخوازی کردووە، تا ناوچەکانی دەوروبەری ڕووباری سیروان و بە پانایی ڕۆژئاوای چیاکانی زاگرۆسیان گرت و لەگەڵ گوتییەکان لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی زێی بچووک تێکەڵبوون.

پەیکەرتاشی وەک یەکێک لە ڕەسەنترین توخمە هونەرییەکانی مرۆڤایەتی لە ڕابردوو و ئێستادا، وەک یەکێک لە کۆنترین و بەربڵاوترین و هەمەجۆرترین هونەرە زیندووەکانی جیهان دادەنرێت. پەیکەرتاشی لەلایەن گەلانی میزۆپۆتامیادا گرنگییەکی ئێجگار بەرچاوی لەنێو هونەردا بەرکەوتووە. بەشێوەیەکی سەرەتایی و ئاشکرا گوزارشت لە هەست و دەربڕینە ئایینییەکانیان کردووە، لەڕێگەی سازکردنی فۆڕمی پەیکەری مرۆڤ وئاژەڵ بە کەرەستەی سەرەتایی، کە لە دەوروبەری خۆیدا دەستی کەوتوون، دواتر لەگەڵ گەشەسەندنی سەردەمەکان و گۆڕانکاری لە بابەتی پەیکەرەکان هاتۆتە ئاراوە، کەزیاتر ڕۆڵ وپێگەی پاشا و جەنگاوەر و دیمەنی جەنگ وداستانەکانیان لە قەدپاڵی شاخەکاندا داتاشیووە. هەر وەک هەڵکۆڵراوی دووەمی دەرگەی ئامێدی کەوتۆتە قەدپاڵی شاخێک لە نزیک دەرگەی شارۆچکەی ئامێدی لە پارێزگەی دهۆک لە باشووری کوردستان. هەڵکۆڵراوەکە بۆ سەردەمی ساسانییەکان لە هەزارەی یەکەمی پ. ز. دەگەڕێتەوە. کە گوزارشت لە کەسایەتییەکی فەرمانڕەوای سەردەمەکە دەکات. بڕوانە شێوەی ژمارە (٨)، هەروەها لەسەر پارچە بەردی بازنەیی جیاواز لە قەبارەشدا پەیکەریان داتاشیووە، کە ئێستا زۆربەی نموونەی ڕەسەنی پەیکەرە داتاشراوەکان لەناو موزەکانی جیهاندا نمایشکراون، هەروەها لە ڕێگەی ئەم هونەرەوە توانیویانە ڕووداوەکانی ڕۆژانەی خۆیان و بیرۆکەکانیان نمایش بکەن، وەک کارێکی هونەری پەیکەرتاشی تۆمار کراوە، کارە دەستییەکان هەر لە کۆنەوە

سەرچاوەیەكی باش بوونە بۆ بەرەو پێشبردنی ژیان وپیشاندانی داهێنانەكان، كە بۆتە هۆی ئەرشیفكردنی هونەرەكەیان لە چوارچێوەی شێوە و فۆرمێكی سادە.



شێوەی ژمارە (٨)

مێژوویێكی دێرین و هاوسەردەمی شارستانییەتە مێژووییەكانی ناوچەكە و دەوروبەرە و بەڵگەی پاشماوە شوێنەواری و بیناسازی و هونەرییەكانی (گوندی چەرمۆ)، كە بە یەكەم گوندی كشتوكاڵی چاخی بەردینی نوێ دادەنرێت. جگە لە دەیان ناوچە و شوێنەواری تر بە زیندوویەتی ماونەتەوە. (باقر، سەرچاوەی پێشوو، ٢٨٦)، بەڵام بۆشاییەكی گەورە لە سەدەكانی ناوەڕاست لە كوردستاندا دەبینرێت. ڕەنگە هۆكارە سیاسی و ئایینییەكان ئاستەنگی سەرەكی بەردەم پێش نەكەوتنی پەیكەر بن. تا ناوەڕاستی سەدەی ڕابردوو جموجۆلە كەسییەكان دەستییان پێ كردۆتەوە. دەتوانین بڵێین ئێستا جۆرییەتی و دەربڕین لە پەیكەر لە كوردستاندا هەیە، ئەمەش بەهۆی تێكەڵاوبوونی زیاتری پەیكەرتاشان لەگەڵ دەرەوەدا. بەڵام پەیكەرەكانی سەردەمانی پێشوو لە كوردستاندا، لە ڕێگەی گوزارشت و ئاماژە جێماوەكانی سەر شێوەی پەیكەرەكان، هەروەها پارێزگاری و پاراستنیان، تا ئەمڕۆ ڕۆڵێكی گرنگ لە مانەوەی ئادگار و شوناسی میراتی مرۆڤایەتی و خاكی كوردستان دەبینێت، هەروەها دەبێتە سەرچاوەی زیندووی شارستانیەتییەكانی سەردەمە جیاوازەكان لە كوردستانی كۆندا. هەرچەندە پەیكەرتاشی لە سەردەمی شارستانیەتییە كۆنەكان و شێوازی كاركردنیان مەبەستی خستنەڕووی بیر و باوەڕی ئایینی و ئەفسانەیی و بەرهەمی داتاشراوی ژیانی ڕۆژانەی خۆیان تێدا هەڵكۆڵیووە، لەشێوەی پەیكەری داتاشراو. تەنانەت وەك ڕاوكردنی ئاژەڵەكان و كۆكردنەوەی هێزی كاركردن لە كشتوكاڵ و دروستكردنی پەیكەر بۆ مەبەستەكانی ڕۆژانەیان، كە بوونەتە ئەرشیفێكی دەوڵەمەندی پەیكەرتاشی لە كوردستاندا. (بارو، ١٩٨٠، ١٠٧). پاشماوەی پەیكەرە داتاشراوەكانی شوێنەواری (خەنس)، كە پێكهاتوون لەچەندین پەیكەری بەرجەستەی پاشای ئاشووری و داروەدستەكەی، دیمەنی پەیكەری هەڵكۆڵراوی گای باڵدار لەسەر بەرد، كە بۆ سەردەمی پاشای ئاشووری سەنحاریب (705–681) پ. ز. دەگەڕێتەوە. هەروەك لە ماڵپەری فەرمی پاركی شوێنەواری سەنحاریب بە وردی لێكۆڵینەوەی لەبارەوە كراوە و وێنەی تەواوی پەیكەرەداتاشراوەكان خراونەتە ڕوو.

سەرەڕای ئەوەی لەدوای ساڵی (١٩٩١) توێژەران هەوڵیانداوە لەمەر پەیكەرە داتاشراوەكانی خاكی كوردستان لێكۆڵینەوەی تازە بخەنە بەردەم نەوەی نوێی كوردستان، كە لە ڕابردوودا ئەم پەیكەرە داتاشراوانە چەندین چیرۆك و ئەفسانەی جۆراوجۆریان لەمەڕ باس كراوە. تەنانەت بەشێكیان ڕووبەڕووی تێكدان و شكاندن بوونەتەوە، بەهۆكاری ئەوەی لە ڕابردوودا پەرستراوبوون و ئەم نەریتە لە ئایینی ئیسلامدا ڕێگەپێدراو نییە.

هەروەها (پاركی شوێنەواری سەنحاریب) یەكێكە لە پاركە شوێنەوارییەكانی كوردستان، بۆتە پاراستنی پەیكەرە هەڵكۆڵراوەكان لە نزیک سنووری ئێستای شارۆچكەی (شێخان) لە پارێزگەی دهۆك لە باشووری كوردستان. بەهۆی ئەوەی پەیكەرەكان لەناو شوێنێكی نیمچە دۆڵدا لە بەردەم ڕووبارێكی بچووک هەڵكەوتوون، بۆ ماوەیەكی درێژ لەژێر ئاودا نقووم ببون، لەم ساڵانەی ڕابردوودا بەهۆی دابەزینی ئاوی دۆڵەكە چەندین نموونەی تری پەیكەری بەرجەستە

بەدیارکەوتوون(باقر، سەرچاوەی پێشوو،٧٢٤-٧٢٨). ئێستا بە هەوڵی شوێنەوارناسانی بیانی بۆتە پارکی شوێنەواری (سەنحاریب) و خەڵک لە ناوخۆ و دەرەوە سەردانی دەکەن. هەر وەک پەیکەری هەڵکۆڵراوی پاشاییەکی ئاشووری داتاشراو لە قەدپاڵی شاخ، کە بۆ سەردەمی پاشا (سەنحاریب) دەگەڕێتەوە. بڕوانە شێوەی ژمارە (٩-ا) و (٩-ب). بەگشتی خاسیەتەکانی هونەری پەیکەرتاشی ئاشووری (٢٠٠٠-٦١٢) پێش زایین، لە شارستانییەتی (میزۆپۆتامیا) زیاتر گەشانەوەی بەخۆیەوە بینیووە، بە بەرانبەر بە شارستانییەتەکانی پێش خۆی، بەتایبەتی بوونی ڕێژەیەکی زۆری بەرهەمی پەیکەرتاشی دیواربەندی و بازنەیی لە کەرەستەی بەرد، ئەوەش بەهۆی سروشتی ناوچەی شاخاوی ژێر فەرمانڕەوایی وڵاتی ئاشوورییەکان دەگەڕێتەوە.. (پیربال، سەرچاوەی پێشوو، ٢٤).



شێوەی ژمارە (٩-ا)




شێوەی ژمارە (٩-ب)

**٣-٢ ئاماژەکانی چوارچێوەی تیۆری:**

- کەڤاڵی پەیکەرتاشی هەڵکۆڵراو وەک یەکێک لە گرنگترین گوزارشتکردن و دەربڕینە ئەزموونی کارە دەستییەکانی پەیکەرتاشانی شارستانییەتی میزۆپوتامیا دادەنرێت. لەو ڕێگەوە گوزارشتیان لە بیر و باوەڕی ئایینی و سیاسی فەرمانڕەوای سەردەمەکانیان کردووە.
- گوزارشتکاری لە شوناس و ئادگار و شێوەی خوداوەند و پاشاکاندا ڕەنگی داوەتەوە، بۆیە ڕۆڵی پاڵەوانیان لە ناوەرۆکی پەیکەرە هەڵکۆڵراوەکانی سنووری (کوردستان) هەبووە.
- پەیکەرە هەڵکۆڵراوەکان بە زۆری لە قەدپاڵی چیاکان دروستکراوە، بۆ ئەوەی گوزارشت بە فەرمانڕەوایی و بیر و باوەڕی ئایینی بکات. گوزارشت لە ڕووداوی جەنگەکان بابەتی سەرەکی پەیکەرە داتاشراوەکانی قەدپاڵی چیاکان بوون.
- لە ڕێگای گوزارشتی ناو کەڤاڵە جێماوەکانی میزۆپۆتامیا بۆمان دەرکەوتووە، کە مرۆڤ لە ناوچەکەدا چۆن ژیاوە و بەردەوام گۆڕانکاری لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی بەسەرهاتووە.
- گوزارشت لە داتاشراوی هەڵتۆقیوی شێوەی پاشاکان لە قەدپاڵی چیاکان، بە مەبەستی دەربڕینی پلە و مەزنی فەرمانڕەواکان لە بیرو هزری مرۆڤی ئەوکات بووە.

**٣-شیکردنەوەی نمونەکان:**

٣-١ نموونەی (١)



ناوی بەرهەم: پەیکەری هەڵکۆڵراوی دەرگەی ئامێدی*

خاوەندارییەتی بەرهەم: سەردەمی ساسانییەکان

مێژووی ئەنجامدانی بەرهەم: هەزارەی یەکەمی پ. ز.

جۆری کەرەستەی بەکارهاتوو: (بەردی لایم ستۆن) لە قەدپاڵی شاخ


پێوانەی بەرهەم: (٢٤٥* ١٤٥* ٤٠سم)

شوێنی بەرهەم: پارێزگەی دهۆک/ شارۆچکەی ئامێدی

لە چاوپێداخشاندندا بۆ پەیکەرەکە تەنها فۆرمێکی شێواوی کەسایەتییەکی جەنگاوەر بە پۆزشنەری وەستاو بەشێوەی ڕووی پێشەوە بەرەو لای ڕاست هەڵکۆڵدراوە. لەناو چوارچێوەیەکی لاکێشەیەکی ستوونی و بەشی سەرەوەی نیوە کەوان دەبینین. کارەکە بەشی سەرەوەی شێوەی لەسەر لایە و دەستی ڕاستی ڕمێکی درێژ و دەستی چەپی شمشێرێکی ڕاستی گرتووە و پەیکەرە داتاشراوەکە لە قەبارەی سروشتی گەورەترە و نزیکەی یەک و چارەگە. بەگشتی کارەکە داماڵدراوە لە وردەکاری و لایەنی تەکنیکی، تەنها شێوە و توێکاری کەسایەتییەکی جەنگاوەر دەرکەوتووە. دەشێت هۆکاری شێواوییەکەی بەهۆی گۆڕانکاری کەش و هەوا لەلایەک و نەزانین و نەبوونی ڕۆشنبیری شوێنەواری لەلایەن دانیشتووانی ناوچەکە لەلایەکی تر بێت. هەندێک نموونەی پەیکەرتاشی تر بەئەنقەست دەستدرێژی کراوەتە سەر،ئەمەش بۆتە هۆی ئادگار و گوزارشت و دەربڕین و وردەکارییەکانی سەر ڕووی پەیکەرەکان لەناوبچێت.
لە ڕووی ڕەهەندی گوزارشت لە کەسایەتییەکی پیاو دەکات. هەڵگری جوولەیەکی سەرنجڕکێشی خاوەن توانا و دەسەڵاتداری ناوچەکە بێت. هەروەک لە ڕووی دابەشکردنی قەبارە وە زۆر لێزانانە خراوەتە ناوەڕاستی پەناڵێکی شێوە لاکێشە، کە لە بەشی سەرەوە نیمچە کەوانە و بەشێوەی پەیکەری هەڵتۆقیوو لە ڕووبەری بەردینی دەروازەی شارەکە ساز کراوە. شوناس و گوزارشت و ئاماژەکانی داتاشراوەکە لە جەنگاوەرێکی مەزن و قارەمانێکی باڵادەست و فەرمانڕاوا دەچێت، دەشێت کارەکە بەهۆکاری سەرکەوتنی لە جەنگ داتاشرابێت. هەرچەندە داتاشراوەکە تەواوی وردەکاریی و ئادگارەکانی شێوەی دەموچاوی لە دەستداوە. بەڵام جووڵەکان و کرانەوەی قۆڵ و وەستانی بەکەلوپەلی سەربازی زیاتر پۆزێشنەری خۆسەپێن و باڵادەست پێناسە دەکەن. تەنانەت هاڵکۆڵینی لە نزیک دەرگەی سەرەکی هاموشۆکارانی شارەکە بۆتە نموونەیەکی بەرزی پەیکەرتاشیی سەردەمەکە.
لەڕووی ناوەرۆکەوە ئەم هەڵکۆڵراوە دەشێت بۆ مەبەستی پیرۆزکردنی سەربازی ئەنجام درابێت. هەرچەندە پەیکەری داتاشـــراوی ئامێدی بەهۆی نەبوونی نووســـراوی هەڵکۆڵدراو لەســـەر پەیکەرەکە، ناتوانرێت دڵنیا بین لە خودی کەســـایەتییەکە هەڵکۆڵراوەکە. هەرچەندە گوزارشـــت و ئاماژە و دەربڕین لە شـــێوەی گشـــتی پەیکەرەکە بەڕوونی دەبینرێت، کە جەنگاوەرێک یا خود فەرمانڕەوای ســـەربازی ســـنوورەکە بێت، هەروەک لە ئاماژە و جووڵەکانی دەرکەوتووە و بێگومان لەو سەردەمەدا زیاتر پەیکەرتاشان و کارەکانیان لە خزمەتی پاشا و فەرمانڕەوا سەربازییەکان بوو، هەروەها مێژووی هەڵکۆڵراوەکە بۆ ماوەی دەســەڵاتی ئیمپراتۆرییەتی ســاســانییەکان لە هەزارەی یەکەمی زایینی دەگەڕێننەوە.
خەسڵەتە هونەرییەکەی هەڵکۆڵراوەکە ئاماژە بە سەربازی و پێگەی کۆمەڵایەتی بە شێوازی گوزارشتی بۆ فەرمانڕەوایەکی دەسەڵاتداری شارەکە دەگەڕێتەوە. هاوکات پەیکەرتاشانی میزۆپۆتامیا بە سوودوەرگرتن لە ئەزموونی هونەری و تەکنیکی سەردەمەکانی پێش خۆیان، شێوەی هەڵکۆڵدراو لەناو چوارچێوەیەکی لاکێشەیی بە شێوەی ستوونی و لای سەرەوەی نیمچە کەوان و لەناوەڕاستی پەیکەری کەسایەتییەکی هەڵتۆقیوو ئەنجامدراون، هەروەک نموونەی پەیکەری داتاشراوی پاشاکان لە قەدپاڵی ڕووبەرە بەردینییەکانی (خەنس) و (چیای هەریر) ئەنجامدراون.

٣-٢ نموونەی (٢)

ناوی بەرهەم: پەیکەری هەڵکۆڵراوی قزقاپان*
خاوەندارییەتی بەرهەم: سەردەمی میدییەکان
مێژووی ئەنجامدانی بەرهەم: هەزارەی یەکەمی پ. ز.
جۆری کەرەستەی بەکارهاتوو: (بەردی لایم ستۆن) لە قەدپاڵی شاخ
پێوانەی بەرهەم: (٨م بەرزی)
شوێنی بەرهەم: پارێزگەی سلێمانی/ شارۆچکەی دوکان



له چاوپێخشاندندا بۆ کارەکە چەند فۆرم و پەیکەرێکی داتاشراو دەبینین. سەرەکیترین و چەقی کارە هەڵکۆڵراوەکە بریتییە لەپەیکەری هەڵتۆقیوی دوو فەرمانڕەوا، کە بەرانبەر بە یەکتر وەستاون لە ناوەڕاستیاندا سەکۆی ئاگردان هەیە، هەردوو کەسایەتییەکە دەستی ڕاستیان بەرانبەر بە یەکتر بەرز کردۆتەوە، هەروەها هەردووڵا بە دەستی چەپیان کەوانەکانیان لەسەر زەوی داناوە.

هەرچی ناوەرۆکەوی ئەو هەڵکۆڵراوەیە گوزارشت لە کۆبوونەوە و لە یەک نزیک بوونەوەی دوو پاشا دەچێت، وەک لە دەستەکانیان دەرکەوتووە و ئاماژەیە بۆ سڵاو کردن و لێک تێگەیشتنی نێوانیان، کە گوزارشتە لە ئازایەتی و پێشکەوتنی هێزی چەک و تفاق لە جەنگدا کەئەو سەردەمە بەکاریان هێناوە.

لە ڕووی ڕەهەندی گوزارشت ئەم هەڵکۆڵراوەش وەک گشت داتاشراوەکانی سنووری خاکی کوردستان بەهۆکاری سروشتی و مرۆیی کەمێک شێوێنراوە، بەڵام دەتوانین بەشێک لە وردەکارییەکانی ناوەڕۆکی ئەم داتاشراوە ببینین. هەروەک بوونی هێمای سێ خواوەند لە بەشی سەرەوەی کارەکە هەڵکۆڵراون، کە هێمای خواوەندی عەشتار بڕوانە شێوەی (٧- أ) و خواوەندی مانگ بڕوانە شێوەی (٧- ب) و ئاهورامەزدا بڕوانە شێوەی (٧- ج) بەشێوەیەکی ئەندازەیی و نەخشێنراون.





بڕوانە شێوەی (٧- أ) بڕوانە شێوەی (٧- ب) بڕوانە شێوەی (٧- ج)

خەسڵەتە هونەرییەکەی هەڵکۆڵراوەکە، کە یەکێکە لە گرنگترین شوێنەوارەکانی کوردستان لە سنووری شاری سلێمانی ، کە چەندین هێما و ئاماژە لەسەر ڕووی قەدپاڵی شاخەکە هەڵکۆڵراوە، کە دەربڕینی ڕوونتری لەچاو پەیکەرە هاوشێوەکانی بە کارەکە بەخشیووە. بۆیە داتاشراوەکە بۆ سەرچاوەی لێک تێگەیشتنی سەربازی و کۆمەڵایەتی بە شێوازی گوزارشتی لە ڕێگەی ئاماژەکانەوە دەرکەوتووە. هاوکات پەیکەرتاشانی میزۆپۆتامیا بەسوود وەرگرتن لە ئەزموونی هونەری و تەکنیکی سەردەمەکانی پێش خۆیان، هەندێک جاریش هاوسەردەم بوون، هەروەک ئەم کارە لەڕووی پێکهاتەی دارشتنییەوە، لە شوێنەوارى (فەقرەقا) لە پارێزگای مەهابادی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نزیکە، بۆیە درووستکردنەکەی بۆ هەمان سەردەم دەگەڕێتەوە.

## ٤-ئەنجام و دەرئەنجام:

١-٤ توێژەر لە کۆتایی توێژینەوەکەدا بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشت:

- پەیکەرتاشی لەپاڵ گڵجۆشی وەک یەکەمین و سەرەتاترین کەڤاڵی بەرجەستە و بازنەیی میراتی میزۆپۆتامیا دەژمێردرێت. کە تا ئەمڕۆ بە زیندوویی ماونەتەوە و پتر لە جۆری بەرد هەڵکۆڵدراون، هەروەک نموونەی (١ و ٢).
- گوزارشتکاری بابەتی سەرەکی داتاشراوەکان بووە، زیاتر ڕۆڵ و گرنگی بە ئاماژە و ناسنامەی پادشا و فەرمانڕەواکانی میزۆپۆتامیا دراوە. هەروەک نموونەی (١ و ٢).
- پەیکەرتاشانی میزۆپۆتامیا بەگشتی هەوڵیانداوە، ئەزموونی نەمری ئاماژە و ڕەهەندی گوزارشتکاریی لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێما و سیمبولی باو و ڕۆژانەیان دەوڵەمەندی بەشاکارە داتاشراوەکان ببەخشن. هەروەک نموونەی (٢).

٤-٢ توێژەر بەهۆی شیکردنەوەی هەردوو نموونەکە، دەرئەنجامەکانی توێژینەوەی پوخت کردۆتەوە و بە چەند دەرئەنجامێکی سەرەکی گەیشتووە:

• هونەری هەڵکۆڵدراوی قەدپاڵی شاخەکان، هەرە سەرەتاترین داهێنانە گرنگەکانی مرۆڤی میزۆپۆتامیایە، هەر لەو رێگەوە توانراوە گوزارشتەکانیان بەرجەستە بکەن.

• بەگشتی کەڤاڵی پەیکەرتاشی لە میزۆپۆتامیا بۆ چەندین ئامراز و هۆکاری پێویستی ژیانی رۆژانەدا بە مەبەستی (ئاینی، جەنگی، قارەمانییەتی، پیرۆزی، کۆمەڵایەتی، خۆشەویستی، جوانی) بەکارهاتووە.

• پەیکەرتاشانی میزۆپۆتامیا زیاتر کاریان لەسەر گوزارشتکاری داتاشراوەکان کردووە، بە مەبەستی دەرخستنی ناسنامەی کەڤاڵەکان.

• گوزارشت و ئاماژەی سەر کەڤاڵەکانی میزۆپۆتامیا، بوونەتە هۆی چێژبینین و دەرخستنی زیاتری شوناس و ناسنامەی پەیکەرە داتاشراوەکانی سنووری هەرێمی کوردستان.

• تایبەتمەندییەکانی گوزارشتکاری تەواوی داتاشراوەکانی سەر شاخ و چیاکان، وەک ژێرخانێکی مەزن وایە، بۆ مانەوەی ناسنامەی پادشا و کەسایەتی فەرمانڕەواکانی میزۆپۆتامیا و چیرۆکی پشت بەرهەمە پەیکەرتاشییە هەڵکۆڵدراوەکان.

• بەشێکی زۆری کەڤاڵی پەیکەرتاشی هەڵکۆڵدراوی قەدپاڵی چیاکان، لە سەردەمە جیاجیاکانی میزۆپۆتامیا کەوتۆتە سنووری هەرێمی کوردستان.

• بەشێکی زۆر لە بەرهەمە پەیکەرتاشییەکانی سنووری هەرێمی کوردستان، ئاماژە بە بوونی کاریگەری و سوود وەرگرتن لە ژیاری و شارستانیەتی میزۆپۆتامیادا هەیە.

• گوزارشتکاری کاریگەری زۆری لەسەر پەیکەرتاشانی میسۆپۆتامیادا هەبووە.

### ٤-٣ راسپاردە:

توێژەر لەدوای خستنە ڕووی ئەنجام و دەرئەنجامی توێژینەوە، راسپاردەکانی لەم خاڵانەدا خستۆتە ڕوو:

• گرنگی زیاتر بە پاراستنی بەرهەمە داتاشراوەکانی سنووری هەرێمی کوردستان بدرێت، هەروەها نموونەی لەبەرگیراوەیان لە شوێنە ئەکادیمی و زانستییەکانی ناو شارەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساز بکرێت.

• ئەرشیفکردن و دروستکردنی ماڵپەڕێکی ئینتەرنێت، کە تایبەت بێت بە مۆزەخانە شوێنەوارییەکانی کوردستان، بۆئەوەی فێرخوازان و توێژەران بتوانن بەسانایی دەستیان پێ بگات.

• پێویستە گرنگی زیاتر بە پەیکەرە داتاشراوەکانی کوردستان بدرێت، بەتایبەت لە ڕووی هونەرییەوە لە پەیمانگە و کۆلێژی هونەرەجوانەکان خوێندنەوە و نمایشکردنی زیاتری بۆ بکرێت و فێرخوازان و هونەرمەندان ئاشنایەتی لەبارەیەوە بەدەست بخەن.

• گرنگیدانی زیاتر بۆ کارکردن و ئەنجامدانی چەندین پرۆگرامی تەلەفزیۆنی لە شێوەی زنجیرەیی و دیکیۆمێنتاری، تایبەت بە بەرهەمە داتاشراوەکانی سنووری کوردستان و خستنەڕووی گوزارشتکاری لە ناوەڕۆکی داتاشراوەکان، بۆ ئەوەی خەڵکی ئاسایی ئاشنای زیاتر و تێگەیشتنی پتری لەمەڕ شوێنەوار و داتاشراوەکانی کوردستان هەبێت.

### ٤-٤ **پێشنیاز:**

• شێواز لە هونەری هەڵکۆڵراوی سەر شاخەکانی کوردستان.

• هێما و ئاماژەکانی هونەری پەیکەرتاشي لە هەرێمی کوردستاندا.

**٤-٥ سەرچاوەکان:**


- (القران الكريم – تفسير الكبرى – تفسير سورة العمران – الايه ٤١).

سەرچاوەی کوردییەکان:

- باجگر، د. نەوزاد یحیی (٢٠٢٣). ئەتڵەسی کوردستان. هەولێر: بڵاوکراوەی زانکۆی جیهان.
- ئەحمەد، د. جەمال ڕەشید و د. فەوزی ڕەشید (٢٠١٤). مێژووی کۆنی کورد. (چ ٤). ناوەندی ڕۆشنبیریی و هونەری ئەندێشە، سلێمانی.
- باقر، تەها (٢٠٢٢). سەرەتایەک بۆ مێژووی شارستانییە دێرینەکان، وڵاتی نێوان دوو ڕووبار. (ب ١). سلێمانی.
- پیربال، فەرهاد (٢٠٠٦). مێژووی هونەری شێوەکاری لە کوردستاندا. دەزگای مێرگ، هەولێر.
- پیربال، فەرهاد (٢٠١١). کرۆنۆلۆجیای کوردستان (چ ١). دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
- تەلایی، سارا (٢٠٢٢). کورد لەنەخشی ئاسەواردا. (چ ١). زانکۆی جیهان، هەولێر.
- حمە صالح، مقداد. (٢٠١٧)، ئیستاتیکا، چاپی یەکەم، چاپەمەنی مانگ، سلێمانی.
- کەمال، د. محەمەد. (٢٠١٧)، فەلسەفەی هونەر، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.
- گارا. (٢٠٠٥). هونەری شێوەکاری مۆدێرن، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
- مەعروف، کەمال نوری. شوێنەوارەکانی کوردستان، زمانی مێژوون. دەزگەی ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان، سلێمانی.
- میراودەلی، کەمال (٢٠٠٥). فەلسەفەی جوانی و هونەر. (چ ٢). خانەی چاپ و بلاوکراوەی قانع، سلیمانی.

سەرچاوەی عەرەبییەکان:

- ابن المنظور. (٢٠٠٠)، لسان العرب، المجلد العاشر، دار صادر، بيروت.
- ابراهيم، الدكتور زكريا. (١٩٨٨). فلسفة الفن فى الفكر املعاصر، الناشر مكتبة مصر. مصر.
- إبراهيم، زكريا (١٩٧٣). الفنان والإنسان. دار غريب للطباعة، القاهرة.
- ابو دبسة، فداء حسين و خلود بدر غيث (٢٠١١). الفنون مابين الحظارات القديمة والحديثة. (ط ١). دار الاعصار العلمي للنشر والتوزيع، عمان.
- باقر، طه و فؤاد سفر (١٩٦٦). المرشد الى مواطن الاثار والحضارة، الرحلة الخامسة. مطبعة وزراة الثقافة و الارشاد، بغداد.
- المعلوف، منير (١٩٧٧)، المورد، دار العلم للملايين، بيروت .
- ابن المنظور (٢٠٠٠) لسان العرب، المجلد العاشر، دار صادر، بيروت.
- صليبا، جميل (١٩٧٧ )، المعجم الفلسفي، الهيئة العامة لشؤون المطابع الأميرية، القاهرة.
- صليبا، جميل (٢٠٠٦)، المعجم الفلسفي باللالفاض العربية و الفرنسية و للاتينية، ط١، ذوي القربي، القاهرة.
- خياط، يوسف (١٩٧٤)، معجم المصطلحات العلمية والفنية، دار لسان العرب ، بيروت.
- ريد، هيربرت (١٩٧٠). التربية عن طريق الفن، تر: عبدالعزيز توفيق جاويد. القاهرة: الهيئة العامة للكتب و الاجهزة العلمية.
- صاحب، د. زهير ، و د. سلمان الخطاط (١٩٨٧). تاريخ الفن القديم في بلاد وادي الرافدين. مطبعة التعليم العالي، بغداد.
- مانى، بەيان (٢٠٠٧ )، السمات التعبيرية في منحوتات كردستان العراق، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة السليمانية، كلية فنون الجميلة، قسم فنون التشكيلية، نحت، السليمانية.
- محمد شفيق غربال (١٩٥٩)، الموسوعة العربية الميسرة، دار الشعب ومؤسسة فرانكلين للطباعة والنشر، القاهرة.
- مورتكات، أنطون (١٩٧٥). الفن في العراق القديم، ترجمة وتعليق عيس سلمان وسليم طه التكريتي. (ج1). مطبعة الأديب البغدادية، بغداد.

**سەرچاوە ماڵپەرییەکان:**

- www.iraqfineart.com/oldskap.htm
- www.iraqinhistory.com
- www.sanharibarchologicalpark.com
- virtualmuseumiraq.cnr.it

## الابعاد تعبيرية في فن النحت القديم في كردستان

**هاوكار شكر محمود**
قسم التشكيلي، كلية الفنون الجميلة، جامعة صلاح الدين– اربيل،
اقليم كوردستان، عيراق
hawkarrskin@gmail.com

**اراس اسماعيل خضر**
قسم الاثار، كلية الآداب، جامعة صلاح الدين–اربيل،
اقليم كوردستان، عيراق
Aras.khider@su.edu.krd

**الملخص**
تعد هذه الدراسة، التي تحمل عنوان "الابعاد تعبيرية في فن النحت القديم في كردستان"، دراسة فكرية وفنية حول الرمزية الفنية والتعبيرية في النحت القديم في كردستان. يخصص البحث قسما خاصا لـ مناقشة دور وأهمية النحت الحجري في كردستان، وذلك من خلال قطع قطع صغيرة ومتوسطة من الحجر على أسطح الجبال لإنشاء منحوتات تحمل هوية ورموزا وتعابيرا ودلالات وأشكالاً محددة. بشكل عام، خلال فترات الحضارة الميزوبوتامية، تم توارث البقايا الأثرية وفن النحت الحجري عنِ طريق كردستان القديمة والمناطق المحيطة بها.
يتكون البحث أيضا من ملخص وأربعة أقسام، حيث يتم تحديد مشكلات البحث وأهميته وأهدافه وحدوده ومدته ومصطلحاته. وقد تمكن الباحث من تقديم التعبيرية في فن النحت القديم في كردستان من خلال تصنيف وتحليل عينات.
**الكلمات المفتاحية:** ابعاد، التعبير ، الفن، النحت

## Expression Dimensions in Ancient Sculpture Art in Kurdistan

**Hawkar Shukur Mahmood**
,Department of Plastic art, College of Fine Art
Salahaddin University-Erbil,Kurdistan Region, Iraq
hawkarrskin@gmail.com

**Aras Ismail khider**
Department of Archaeological,College of Arts,
Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Aras.khider@su.edu.krd

**Abstract**
This research, titled "Expression Dimensions in Ancient Sculpture Art in Kurdistan" is an intellectual and artistic study on artistic symbolism and expressionism in ancient sculpture in Kurdistan. The research dedicates a special section to discussing the role and importance of stone sculpture in Kurdistan. This is done by cutting small and medium-sized pieces of stone on the mountain surfaces to create sculptures that bear specific identity, symbols, expression, indication, and form. Generally, during the periods of Mesopotamian civilization, the archaeological remains and the art of stone sculptures were inherited by ancient Kurdistan and its surrounding areas.
The research also consists of a summary and four sections, in which the research problems, its significance, objectives, boundaries, duration, and terminology are defined. The researcher has been able to present the expressionism of ancient sculpture art in Kurdistan by classifying and analyzing samples.
**Keywords**:dimension, expression, art, sculpture